# دەستوری کوردستان و داواکاریەکانمان

**ئاسۆ حامدی**

ئەگەر خەریکە دەستووری کوردستان رەشنوسی خەریکە تەواو دەبی بەڵام بەبێ ئەوەی خۆ ئامادەییەکی جەماوەری کوردستان بۆی،وەکو هەموو مەسەلەکانی تر لە پشتی دەرگا داخراوەکان بریاری لەسەر دەدرێ، یان لەلایەن دوو حزبی حاکم یەکلادەکریتەوە، بەلام خۆ ئەوان تەنها بەشیکی خەلکی کوردستانن. لە رۆژگاریکی وەکو ئەمرۆدا خەلکی کوردستان دەیانەوێ دەخالەتی راستەوخۆیان لە دەستووردا هەبێ، ئەم دەستووره دەستووری حزب یان کۆمەڵە کەسانێ نیە دەستووری وولاتیکە کە لە ئاییندەدا دەیەوێ رۆلێکی پۆزەتیف ببینێ لە ئاڵوگۆردان بە ناوچەکەو خودی چارەنووسی خەلکی کوردستاندا.

کۆمەلانی خەلکی کوردستانیش لەبەرامبەر دوژمنانی سەرسەختی ئازادی دا مێژوویەکی بێ هاوتایان هەیە.

کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەیانەوێ لەمەدواوە لە گەل ناوەوە بە جۆرێکیتر مامەڵە بکەن، یانی کێشە ناوەکیەکان لە سنووری یاساو ئازادی بیروباوەر و هەموو ئازادیەکانی تر یەکلابکەنەوە، هەموویان خوازیاری گەشەدان بە قازانجی بالای نەتەوییەن،کۆمەلانی خەلکی کوردستان خوازیاری ئەمن و ئاسایشن، خوازیاری یەکسانین لە دادگادا.کۆمەلانی کوردستان خوازیاری یەک زمان و هەلویستن بەرامبەر بە دوژمنان و هیرشەکانی ئەقلیمی دەبی بە یەک ووشە وەلام بدرێنەوە.

جیایی دین لە دەولەت، داواکاریەکی تری بەشیکی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە دەبێ ئەمە لەدەستووردا بە راشکاوی دیاربێ ، ئەگەر کۆمەلگای کوردستان دەیەوێ ببێتە کۆمەلگایەکی شارستانی، جیاکردنەوەی هەرسێ دەزگاکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی ئازادی تەواویان هەبێ،ئازادی تەواوی قەزاکان بەرامبەر هەموو وەزعیەتەکان گرنگترینانە.

بیمە کۆمەلایەتیەکان و مسۆگەری ژیان و گیانی ئینسانەکان لایەنیکی تری رەونەقداری دەستوورن، یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکان لەکارو مال و کارخانەکاندا لە مردن و ژیاندا لە هۆلەکانی دادگاو شایەتیدا تادەگاتە مەسەلەی میرات.

دەبی قانوونی ئەحوال شەخسی مەدەنی بنەماکانی دابریژریت. یاساکانی دینی و ئیسلامی دەبێ وەلابنرین و بچنە ئەرشیفەوە.لەجیاتی ئەمان یاساکانی مەدەنی بێنە مەیدان کە لەدەولەتەکانی پێشکەوتوو کاریان پێ دەکرێ.

وەزعی ئابووری وولات دەبێ دەولەت دەوری سەرەکی تیا ببینێ و یەکلایان بکاتەوە.نیزامی ئیداری دەولەت دەبێ بە شیوەیەک بێ کۆمەلانی خەلکی کوردستان بتوانن کارمەندانی دەولەت پەلکێشی دادگا بکەن، یاخود بتوانن دەعوایان لەسەر تۆمار بکەن.

دەخلی تاکی ( فردی) لە کوردستان دەبێ بەرز بێ بە قەدەر وەزعی ئابووری وولات بەرەو سەرەوە بچێ.

مەسەلەی خانوو بەرەوەو تەواوی هۆیەکانی ژیان و گوزەران دەبێ بۆ کۆمەلانی خەلکی کوردستان دابین بن.

دەبێ مەسەلەی سەربازی لە وەزعیەتی سیاسی جیا بکرێتەوە، سوپای کوردستان چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە کە پارێزەری سنووری کوردستانە، سەربازی دەبێ کاریکی تەوعی بێ و نەک ئیجباری.نابێ سوپای کوردستان تەداخولی کێشە سیاسیەکان بکات.سوپای کوردستان تەنها لە حالەتێ تەداخول دەکات کە ئارامی لە وولات نەما یان دەولەت مەوجودیەتی نەما.

ئازادیە فەردیەکان تا بچوکترین خالّی دەبێ رعایەتی بکرێت و مرۆڤەکان لە سنووری کوردستاندا دەبێ لە تەواوی ئازادیەکانیان فەراهەم بن. بە مەرجێ ئەم ئازادیانە نەبنە رێگر لەبەردەم گەشەی کۆمەلگا.

خەلکی کوردستان خوازیاری ژیانێکی مۆدیرنن، خویندن دەبێ لە دەرسە دینی و کۆنەپەرستیەکان لە هەموو پلەکان پاک بکرێنەوە. لە جیاتی ئەم کاتانە خویندکاران بە دەرسی زانستی مرۆڤایەتی پر چەکبکرێن.

دین و مەسلە دینیەکان دەبێ ریزیان لێ بگیریت و ببنە کاری شەخسی ئینسانەکان، هەموو کەس ئازادە هەر دین یان مەزهەبێکی هەبێ.
لە دەستووری کوردستاندا دەبێ چارەنووسی کوردستان بەدەست خەلکی کوردستانەوە بێ، هیچ کەس و لایەنێ بۆی نیە یاری بە چارەنووسی ئەم وولاتە بکات.
بنەمای ئەم دەولەتە دەبێ مۆدیرن و نوێخواز بێ..
هەموو میللەتانێ کە لە سنووری کوردستان دەژین هەمان مافی هاوولاتیەکی کوردیان هەیە.
سامان و داهاتی نەتەوەی کوردستان هی خەلکی کوردستانە، هەرکەسێ ئەم سامانە بە هەدەر بیا دەبێ دادگا سۆراخی دەبێ بکات.
داهاتی نەتەوەیی کوردستان دەبێ لە کۆمەلانی خەلکی کوردستان سەرف بکریت.
هیچ کەس بۆی نیە خۆی بە موتلەق بزانێ، دەسەلاتی بەریوەبردن نابی فەردی بێ، بەلکو لە شێوەی کۆمەڵ دادەبێ یان ئەنجومەن یان شورایی دەبی..
دەسەلاتی موتلەق یان تاکەکەسی زیان بە چارەنووسی خەلکی کوردستان دەگەیەنێ.
هەموو یاساکان بۆ هەمووان یەکن، یاساکانی پارتە سیاسیەکان، رێکخراوە جەماوەریەکان، ریکخراوە وەرزشیەکان، ئایینی و مەزهەبیەکان..هتد..هتد دەبی لە یاسای تایبەتدا بەبی جیایی ،مافەکانیان دابین بکریت.
مەسەلە ریفاهیەکانی کۆمەلانی خەلکی کورستان زۆرگرنگن دەبی هەموو مەسەلەکان یەکلا بکرێنەوە، هەموو شوێنەکانی کوردستان مولکی هەمووانە، هیچ کەس بۆی نیە ناوچەیێ یان گوندێ یان سروشتی کوردستان تەنها بۆ خۆی داگیربکات، تەنانەت ئەگەر مولکیەتی ئەمەی هەبێ، دەولەت دەبی هەموو ناوجەکان و سروشتی جوان بۆ هەموو کۆمەلانی خەلکی کوردستان والا بکات.
هیچ کەس بۆی نیە داهاتی نەتەوەیی بەبێ بەرنامە سەرف بکات، گەندەلی ئیداری یان هەر شتێکی لەم بابەتە روویدا دەبێ لە دادگاو دەزگاکانی یاسایی یەکلابکرێنەوە.
خەلکی کوردستان بریاری رفراندوم لە سەر هەموو مەسەلەیەک دەبی بدەن، ئەم ئازادیە دەبی بە عەمەلی ببێتەوە.
مندالانی کوردستان دەبێ لە باشترین پەروەردەدا بەهرەمەند بن، دەبی دەزگاکانی دەولەت هەموو ئامرازەکانیان بۆ ئامادەبکەن.دەولەت بەرپرسیارە لە بەردەم نەوەی نوێ بە باشترین پەروەرەدە.
مرۆڤە پیرەکان و خانەنشینان دەبێ بە باشترین شیوە رعایەت بکرێن، ئەمانە هەموویان ژیانیان لە پیناوی کۆمەلگا بەسەر بردووە، دەبێ وەلامی دروستیان بدرێتەوە.
هەموو بێ سەرپەرستان دەولەت لە ژیانیان بەر پرسیارە و دەبێ ژیانیکی ئینسانی مولایم یان بۆ دابین بکات.
کۆمەلانی خەلکی کوردستان لێرەدا لەگەل دەولەتدا یەک جارەنووسیان هەیە، لێرەدا دەولەت بەهیزترین ئامرازە بۆ دیفاع کردن لە کۆمەلانی خەلک و بە پێچەوانەشەوە...
ئەمە جگە لە مەسەلەکانی جوتیاران و خاوەنکاران و ..هتد دەبێ هەموویان لە یاساکانی کۆمەلایەتی و ئابووریدا بە شیوەی ئازاد لە گەل خواستەکانی کۆمەلگا یەکلا برێنەوە.
دەولەتی کوردستان دەبێ نیزامی باج بۆ دەولەمەندو خاوەنکاران و کارمەندان پەیرەوبکات، لەهەمان کاتدا ئەم نیزامەی باج دەبی داهاتەکەی لە کۆمەلانی خەلکی کوردستان سەرف بکریت. نابێ دەولەمەندان بتوانن بە ئاسانی لە نیزامە دەربەست بن.
بۆ هەر ئالوگۆرێ لە دەستوور دەبی لە دەستوور تەسبیت بکرێ دەبی بۆ خەلکی کوردستان بگەرینەوە، خەلکی کوردستان بریاری سەرەکی و کۆتایی لە دەستووری خۆیدەدا.
ئەمانە ئەم داواکاریانەنن کە ئەمرۆ بۆ ئێمە زەرووریەتییان لە رۆژگاری ئاییندەدا کۆمەلانی خەلکی کوردستان هێشتا ووشەی تریان ماوە..حوکمی گەل زۆر قورسە ئەوەی دەیەوی میژوو بە پاکی بنوسێ دەبی لە بەرەی گەل دابێ.